# ریتمی ناوەوە
# خوێندنەوەیەکی فۆنۆلۆژی (ئەی رەقیب) ی دڵدار

عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا

زمان ترسناکترین نیعمەتە.

( هیلدرین )

(ئەی رەقیب)[1]

1-(ئەی رەقیب) هەر ماوە قەومی کورد زبان
2-نای رمێنێ دانەیی تۆپی زەمان
3-ئێمە رۆڵەی رەنگی سوورو شۆڕشین
4-سەیری کەن خوێناوییە رابردوومان
5-ئێمە رۆڵەی میدیاو کەیخوسرەوین
6-دینمانە ئایینمانە نیشتیمان
7-کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە
8-زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان
9-چەند هەزار لاوانی کوردی نەڕەشێر
10-بوون بە قوربانی هەموویان نێژران
11-لاوی کورد ئێستاش حازرو ئامادەیە
12-جانفیدانە جانفیدانە جانفیدا
13-لاوی کورد هەڵسانە سەر پێ وەك دلێر
14-سا بە خوێن نەقشی بکا تاجی ژیان
15-کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە
16-زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان.

---

لێرەدا وەك لە ناونیشانەکە هاتووە بەشێکی زۆری قسەکردن لە (ئەی رەقیب) دەچێتە خانەی خوێندنەوەی فیزیکیانەی فۆنەتیك‌و بیستنەوە، بەو مانایە هەوڵدەدەین لە دیدی فۆنۆلۆژییەوە ماوەکانی نێوان دال و مەدلول دیاری بکەین‌و رەنگدانەوەی دنیای دەرەوە لە دنیای ناوەوەی (دڵدار) هەڵگرینەوە، یان بە مانایەکی دیکە لە رێگەی دنیای بێدەنگی پیتەکانەوە کۆمەڵێك

[1] . بڕوانە: عەبدولخالق علائەدین ، دڵدار شاعیری شۆڕشگێری کورد، چ1/بغداد-1985-.ل174.

دەلالەتی نادیار بەرجەستە بکەین، کە تەواو لەگەڵ دنیای دیاری (ئەی رەقیب) جیاواز دەکەوێتەوە.

وەك گوتمان ئەوەی بەردەوام ئەو سرووده وەك دەقێکی گونجاو دەخاتە روو ئەو پەیوەندییە پتەوەیە، کە دەکەوێتە نێوان خودی دەق و مێژووی دەرکەوتنی هەستی ناسیونالیزمییەوە، ئەو پەیوەندییەش دواجار رەهەندی مێژوویی بە سەر رەهەندی دەلالیدا زاڵ دەکات، کەواتە ئەوەی کە دەبێتە شوێنی خۆ دۆزینەوەی خوێنەر، بونیادسازی دەق نییە بەڵکو ئەو بونیادەیە، کە مێژووی کوردی و مەیلی ناسیونالیستی لە ساتەوەختێکی دیاریکراودا بەرجەستەی دەکات، هەروەك چۆن پەیوەندی ئیستێتیکی نێوان وشەکان نییە بەڵکو بابەتە، کە لەگەڵ مێژووی نەتەوەیی چاکسازی دەسازێنێت.

لە دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییەوە دەتوانین بڵێن (ئەی رەقیب) وەك جەستە دەبێتە رووداوێکی مێژوویی، بەڵام وەك بونیادسازی و کارکردن لە پەیوەندییەکی داخراودا خۆی قەتیس دەکات.

دەشێ لەوێوە وەك رووداوێکی مێژوویی سەیری جەستەی (ئەی رەقیب) بکەین، کە توانیوویەتی دیاردەی ناسیونالی بە شێوەیەکی پەتی لە ئاگایی دەرەوەو ناوەوەی کوردی جێگیر بکات، بۆ بەدواداچوونی ئەو جێگیر کردنەش چەمکی شیعرییەتی جێگیر بە کار دێنین، بەڵام دەشێ لەوێوە دوچاری بنبەستبوون بین، کە کاری خوێنەری جیاواز لە پڕکردنەوەی بێدەنگی و تەواوکردنی وشەکان و ماوەی نێوان دال و مەدلول کورتی دێنێت. لە نێوان دەنگی جیاوازو دەنگی قەتیس ماو، یان لە نێوان شیعرییەتی جێگرو پڕشنگی دەلالەتەکان، کۆمەڵێك خوێندنەوەو راڤەو لێکدانەوەی جیا دێتە بەرهەم، بەڵام من لێرەدا هەوڵدەدەم لە بونیادی بڕگە کورت و درێژەکانی وشەوە شیعرییەتی جێگیرو هەڵچوون، دەلالەتە شاراوەکانی نێو دەق بەرجەستە بکەم، لە سەر ئەو بنەمایەش هەوڵدەدەم رووی دووەمی قسەکردن بۆ هەنووکەیی فیزیکیانەی رواڵەت و ناوەڕۆك و چۆنێتی دروستبوونی شەپۆلی دەنگ و چۆنێتی رۆیشتنی ئەو شەپۆلە دەنگیانەو چۆنێتی وەرگرتنیان بگوازمەوە.

یەکێك لەو تیشکۆ بەرجەستانەی کە پەیوەندییەکی جێگیر لەگەڵ مێژوو دروست دەکات، ئەو دەنگە قەتیس ماوەیە کە لە رێگەی (میدیا و کەیخوسرەو) دەردەکەوێت، ئەو دوو تاکە دەنگە وەك ئامراز رەنگدانەوەی بارەکانی هێزو بێهێزین و تەواوی کۆدی سروودەکەیان لەخۆ گرتووە، واتە ئەوەندەی لە شیعرییەتی جێگیر پەنگ دەخۆنەوە، ئەوەندە لە پڕشنگی دەلالی و دەنگدا خۆیان ناسەپێنن، چونکە ئەگەر پڕشنگە دەلالییەکان هەڵگری تەعبیرکردنی جیاواز بن، ئەوە شیعرییەتی جێگیر تەواوی تەعبیرکردنەکان بەخۆوە بەند دەکات.

دەشێ ماوەی نێوان دال و مەدلول بە پێی ئاستی خوێنەرو مێژووی جیاواز، دەلالەتی جیاواز بنوێنن، بەڵام شیعرییەتی جێگیر دەنگی قەتیس ماوی مێژوویەکی دیاریکراو (دەنگە خەفەکراوەکانی منی ناسیونالیزمی کوردی) دەگەیەنێت، لێرەدا (کەیخوسرەو) ئەو رووداوەیە کە

فەزای نێوان دال و مەدلولی ئەم سرووده داگیر دەکات و تەواوی وزەو مانا دیارەکان لە پێناو خۆی دەخاتە کار، نەك هەر هێندە بەڵکو (کەیخوسرەو) ئەو بێدەگییە گەورەیەشە یان ئەو دەنگە خەفەکراوەی منی ناسیونالیزمی کوردییە کە تەواوی دەنگ و پڕشنگە جیاوازەکان دەخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە، ئەو قسەیەشمان بە سروشتی بێدەگی ئەو پیتە نەبزۆکانەوە پشت راست دەکەینەوە کە کۆتایی رستەی سروودەکە پێکدەهێنن، بڕوانە هەر دوو نیوە دێری (5–6) چۆن لە پیتی (ن)ی نەبزوێنی کۆتاییدا خۆیان دادەخەن.

ئەگەر سروشتی ئەو داخرانە بۆ سەرەتایی نیوە دێرەکان بگەڕێتەوە دەبینین نیوە دێری (5) بە وشەی (ئێمە) دەست پێدەکات، وشەی (ئێمە) سەرەڕای ئەوەی کە بە هۆی پیتە بزوێنە درێژەکەیەوە وەك وشەیەکی بزۆز خۆی دەنوێنێت، وەك ماناش کۆی وزەکانی لە هێزی ناوەوەدایە، ئەو هێزە لە نیوە دێری (6) خۆی لە بەرزترین پیتی بزوێنی درێژ کە (ا)ی (دینمان– ئایینمان– نیشتمان)ە هەڵدەگرێتەوە، بەڵام دواجار کە سەیر دەکەین بەشی زۆری کۆتاییەکانی ئەو سرووده، یان سەروای دێرەکان بە پیتی نەبزوێنی (ن) دێت. پیتی نەبزوێنی (ن) تەعبیر لە جۆرێك پەنا و پێچی و هەڵچوونی نادیاری ناوەوە دەکات، سەرەڕای ئەوەش درێژی بڕگەکان بە حاڵەتی دەروونییەوە بەندەو خاوییان تەعبیرکردنی پێچاو پێچی تۆختر دەکەنەوە.

کەواتە ئەگەر تەواوی ماناکانی (ئەی رەقیب) لە خزمەتی بوونی کوردی خۆی رێك بخات و بنەمای ئەو بوونەش لە رێگەی بە نێوداچوونی مێژوودا پراکتیزە بکرێت، ئیتر لێرەوە پێناسەمان بۆ شیعرییەتی جێگیر لە بەیادهێنانەوەدا بەرجەستە دەبێت، بەو مانایەش بەیادهێنانەوەی (میدیا و کەیخوسرەو) بەیادهێنانەوەی کۆی ئەو مەیل و گوتارانەش دەگرێتەوە، کە بوونی کوردی لە سەر بونیاد دەنرێت، لێرە شیعرییەتی جێگیر دەشێ دوو تێڕوانین لەخۆ بگرێت، یەکەمیان ئەوەیە کە سروودی (ئەی رەقیب) بەرەو ناوەڕۆکی بوونی کوردی دەکاتەوە. دووەمیان هەر دوو دەنگی (میدیا و کەیخوسرە) وەك (رووداو) لێوردبوونەوەیەك دەسازێنن، کە بە دەوری پاکبوونەوەدا دەخولێتەوە، بەو مانایەش (میدیا و کەیخوسرەو) لە لایەك وەك بابەت بوونی کوردی بە یەك دەبەستنەوە، لە لایەکی دیکە ئەو بونیادە رووتە بەرجەستە دەکەن، کە دەشێ پاکبوونەوەی کوردی پێ پێوانە بکرێت؟!. یەکەمیان جۆرێکە لە وەفا بۆ بابەت و هەمیشە ئەمەك نواندنیش بۆ بابەت، ئەمەك نواندە بۆ کۆو تەعبیر لە رەتکردنەوەی خود دەکات، ئەو رەتکردنەوەیە وەك دەردەکەوێت تاك مانایەك دەخاتەوە، کە ملکەچی رووداوی مێژوویی و دەروونییە، بەڵام دووەمیان مانا، روون دەکاتەوەو بوونی کوردی دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە، لە دووتوێی وەفا نواندن بۆ بابەت و روونکردنەوەی مانا شیعرییەتی جێگیر قەتیس دەبێت، چونکە لە بری ئەوەی وەك ئاوێنە پڕشنگی بەردەوامی بە منی کوردی ببەخشێت، وەك بیرخەرەوەیەکی نەزۆك و پیرۆز خۆی بەیان دەکات.

کەواتە لە لایەك شیعرییەتی جێگیر تەعبیر لە کۆی ئەو دەنگە خەفەکراوەی ناوەوەی منی ناسیونالیزمی کوردی دەکات، لە لایەکی دیکە وەك بنەمایەك ئاماژەکانی بوونی کوردی یاد دەخاتەوە، وەك گوتمان بۆ پشت راستکردنەوەی ئەو رستەیەش لێکدانەوەکانمان لە فۆنۆلۆژیاوە دادەمەزرێنین‌و هەر لە رێگەی پێشبینییەکانی بێدەنگی‌و دەنگیشەوە کاریگەری ریتمی ناوەوەو رەنگدانەوەکان دەگرین، بەو مانایە دەشێ کۆی دنیای ناوەوەی (دڵدار) لە (ئەی رەقیب)دا بەرجەستە بکەین، نەك هەر وەك ناوەڕۆك بەڵکو وەك ئاستی پێکهاتەو پێکهاتەی دەنگیش، کەواتە دەتوانین بڵێین پێکهاتەی دەنگی کۆی ئەو حاڵەتە دەروونییەو ئاگاییانەیە کە نووسەر لە پرۆسەی نوسیندا بە نێویدا گوزەر دەکات.

سەرەتای ئەو باسە بە هەڵبژاردنی نازناوی (دڵدار) دەست پێدەکەین، چونکە ئەو هەڵبژاردنە بە مەبەست‌و نیازێکی ئاگاییانەوە بەندە، وشەی (دڵدار) وەك دەربڕین دوو جولە بەرجەستە دەکات، جولەیەکی نەرم لە پیتی (د)ی سەرەتاییەوە، جولەیەکی بەرز لە پیتی بزوێنی (ا)ەوە، دواتر ئەو دوو جولەیەش لە پیتی (ر)ی نەبزوێندا کت‌و پڕ دەکەون. کەواتە وشەی (دڵدار) دەشێ لە نێوان پیتی (د)و پیتی (ر) دوو تێروانین بەرجەستە بکەن، پیتی (د) جۆرێك لە دەم درێژ کردن بۆ ژیان‌و جۆرێك لە هەنگاونان بەرەو ژیانی تێدا دەبینرێت، بەڵام پیتی (ر) سەرەڕای ئەوەی وەك دەربڕین نادیارو کەمخوێنە، وەك رواڵەت‌و وێنەش لاربوونەوەو کەوتن‌و ونبوون دەنەخشێنێت، بەو مانایەش پیتی (ڵ) ئەگەرچی ناکەوێتە سەنگەری پیتی (ر)ەوە، بەڵام ناشکەوێتە بەرگری کردن لە پیتی (د)ی دەسپێك.

کەواتە ئەگەر (د)ی ناوەڕاست نەبێت وشەی دڵدار رەنگە ئەو ژیانەی پێ رەوا نەبینرێت، دەمەوێت بڵێم پیتی (د) ناوەڕاست جەخت کردنە لە پیتی (د)ی سەرەتا، هەر ئەو جەخت کردنەشە وا دەکات دڵدار زۆر بە لەز دەنگ بەرز بکاتەوە. بەو مانایە وشەی (دڵدار) وێنەی هەنگاونان بەرەو ژیان‌و پاشان دەنگدانەوەیەکی بەرزو پاشان لاربوونەوەو ونبوون رەنگ دەکات.

بەڵام وەك دیارە دەسپێکی سروودی (ئەی رەقیب) بە وشەی (ئەی) تەعبیر لە حاڵەتێکی دەروونی دیارو نادیار دەکات، هەروەها سروشتی ئەو وشەیە وەك دەربڕینی دەنگی‌و ریتمی ئەو سروودە لە هێرشکردندا خۆی هەڵدەگرێتەوە، بەڵام کە دەگاتە وشەی (رەقیب)و دەکەوێتە سەر دەربڕینی پیتی (ب) ئەو هێرشەی دەسپێك دەکەوێت‌و ئیتر لەوێوە وشەی (هەر) وەك ریتم تەعبیر لەو خاوبوونەوەیە دەکات، سەرەڕای ئەوەی وشەکە بە پیتی (ر) کۆتایی هاتووەو پیتی (ر) بێدەنگ‌و داخراوە، بەڵام وەك دیارە دەسپێکی وشەکەش بزۆك‌و کراوە نییە. بەمجۆرە لە نێوان پیتی (ه) ی داخراوو پێچاو پێچ‌و پیتی (ر)ی بێ هێزو کەمخوێندا کورتە بزوێنی (ە) دەکەوێت، ئەو کەوتنە لە رێگەی خاوبوونەوەکەیەوە، خاوبوونەوەیەك کە جۆرێك لە دوودڵی‌و بۆشای دەخاتە نێوان

وشەی (رەقیب)و وشەی (کورد)ەوە، وەك لە خوێندنەوەی پێشوودا ئاماژەم بۆ کرد ئەو دوودڵیو بۆشاییە هەڵگری گومانێکە کە دەکەوێتە نێوان بوونو نەبوونی کوردییەوە.

لێرەوە وەك چۆن لە رووی ریتمەوە هەموو کۆتایی هێنانەکان بە پیتی نەبزوێنی (ن)ی کۆتاییەوە جۆرێك لە داخرانی لەخۆ گرتووە، لە رووی ماناشەوە جۆرێك لە کتو پڕی دەگەیەنێت، بڕوانە ئەو نیوە دێرانەی بە وشەی (زوبان–زەمان–نیشتمان–نێژران...هتد) کۆتاییان دێت، کەواتە دەربڕینی پیتی (ن)ی کۆتایی لەو نیوە دێرانەدا ئەگەر راستەوخۆ تەعبیر لە دابڕانو داخران نەکات، ئەوە خاوبوونەوەیەکی ئەوەندە بەهێزە کە گومان لە زیندوویتیو هەناسەدانیان دەکرێت. بەڵام لە لایەکی دیکە پیتی (ن) ئەوەندەی وەك دەربڕین بێ وزەیە، ئەوەندەش لە ناوەوە ئەزموونداره، ئەزمووندارى ئەو پیتە لەوێوە دێت کە دەیەوێت بەر لەوەی پەلەی گوتنی بێت بە بێدەگی بەنێو خۆیدا شۆڕ بێتەوە، بەر لەوەی هەنگاو بهاوێژێت، دەست بە لێوردبوونەوە بکات. راستە پیتی (ن)ی کۆتایی بێ وزەو بێدەنگە، بەڵام ئەزموونی ئەو پیتە خۆی لەو کاتە چڕ دەکاتەوە کە لە خۆیدا هەڵیگرتووە.

لە نیوە دێری (2) وشەی (ناپرمێنێ) بە پێشگری (نا) یان بە وشەی (نا) خۆی زاڵ دەکات، ئەو خۆ زاڵکردنەش بە هۆی بزوێنەرە بەرزەکەی (ا)ەوەیە، ئیتر لەو دەنگە بەرزەوە بێدەنگی پیتی (ن)ی سەرەتا توانای بەدواداچوونو بیرکردنەوەو لێوردبوونەوەی بە دەستەوە نامێنێو ئیتر جگە لە ملکەچ کردنو خۆ بەدەستدان ناتوانێت هیچ دەلالەتێکی دیار بەرجەستە بکات، بەڵام ئەوە هەرگیز بەو مانایە نییە کە خەسڵەتەکانی خۆی ون کردبێت، دەشێ لەو حاڵەتە خۆ بەدەستدان جۆرێکیش بێت لە ناڕازیبوون، نەك نارازیبوون لە بوون، بەڵکو ناڕازیبوون لە حاڵەتێکی دیاریکراوو سنووردار. لە لایەکی دیکە ئەو نیوە دێرە جۆرێك لە سەرکێشی پێیەو تەواوی دەلالەتەکان دەخاتە ژێر ئاڵای بەرزترین دەنگ کە (ا)ە، دواجار کۆی ئەو مانایانەی کە دەکەونە نێوان وشەی دەسپێكو وشەی کۆتایی هەموو لە دەنگی (ن)دا کۆ دەبنەوە، بەو مانایە ئەوە پیتی (ن)ە کە جولەی بەرزترینو درێژترین پیت دەخاتە نێو خۆیەوە، کەواتە نیوە دێری (2) کە تەواوکەری نیوە دێری یەکەمە جگە لەوەی کە بەرەو بێدەنگیو داخرانمان دەکاتەوە، بەرەو جۆرێك لە گومانیشمان دەبات.

نێوە دێری (3–4) لە وشەی (ئێمە)ی دەسپێكو کۆتایی هاتن بە وشەی (رابردوو) جگە لە بیرخستنەوەی رابردوو، یان بەرجەستەکردنی رابردوویەك کە زۆر بە جوانی لە رێگەی (میدیاو کەیخوسرەو) جەختی لێدەکرێتەوە شتێکی دیکە نییە، ئەو بەیادهێنانەوە لە لایەك بەشێك لە هێزو وزەمان بە نادیاری دەسپێرێت، لە لایەکی دیکە بەشێکی بەو خاکەوە بەند دەکات کە بە نیشتمان ناو دەنرێت، بەڵام ئایا نیشتمان بە داهێنانی ئەو سروودە دەژمێردرێت؟

نیشتمان ئەو خاکەیە کە نەتەوەیەکی دیاریکراوی لە سەر دەژیت، ئەو نەتەوەیە ئەو خاکە

دیاریکراوه بە خاکی خۆی دەزانێت، چونکە ئەگەر خاك نەبێت هیچ نەتەوەیەك ناتوانێت هۆیەکانی دیکەی بوون‌و مانەوەی بپارێزێت (جگە لە یەهود نەبێت) بەڵام دووبارە خاك داهێنان نییە، بەڵکو هۆکارێکە بۆ پێکەوە ژیان.

بەمجۆرە نیوە دێری (3–4) جگە لەوەی هەڵگری گوتاریکی شیعری‌و ناسیونالیستی شێوە دیارو راستەوخۆیە، هەڵگری ریتمێکی راستەوخۆشەو دەنگی بەرزی ئەو ریتمە لە بزوێنی درێژی (ا)دا خۆی دەدۆزێتەوە، هەر لەوێشەوە ئەو دەنگە بەرزە دەلالەتی هەڵچوونی ناوەوە لەخۆ دەگرێت. دواجار دەمەوێت بڵێم سەرەڕای ئەوەی کە لە رووی فۆنۆلۆژییەوە ئەو سروودە بە بێدەنگی کۆتایی نیوە دێرەکانی رادەگەیەنێت، بەڵام چەمکی بەیادهێنانەوەو چەمکی نیشتمان دوو چەمکن لە پێکهاتەی ئەو سروودەدا دەچنە خانەی شیعرییەتی جێگیرەوە.

ئەگەر (میدیاو کەیخوسرەو) چەمکی بەیادهێنانەوە لەخۆ بگرن‌و ئەو چەمکەش پێکوتین لە شوێن خۆ بگەیەنێت، ئەوە نیشتمان لە پەیوەندییەکانی ئەو سروودەدا چەمکی بەردەوامی‌و پێکەوە ژیانی لێدەسێنرێتەوە، بە سەندنەوەی چەمکی بەردەوامی‌و پێکەوە ژیان لە نیشتمان، هەم ژیان نابووت دەکەین‌و هەم نیشتمان دەکوژین، کەواتە لێرەوە شیعرییەتی جێگیر تەواوی ماناو دەلالەتەکانی ئەو سروودە هەڵدەمژێت‌و هەر لەوێشەوە جۆرێك لە دیکتاتۆرییەت پراکتیزە دەکات، کە من لێرە بە دیکتاتۆری نیگەران وەسفی دەکەم، چونکە سەرەڕای بێدەنگی رووکاری نەبزوێنەکان، چپە چپی پیتەکان‌و پەیوەندی خەفە ئامێزیان جگە لە نکوڵی کردن، گومانیش دەگەیەنن، هەر لە رێگەی گومانی ئەوانیشە شیعرییەتی جێگیر بە دیکتاتۆی نیگەران دەچوێنم.

هەردوو نیوە دێری (7–8) دەبنە ئاماژەی دروستکردنی فەزایەك، بەڵام ئەو فەزایە فەزایەك نییە بۆ لێوردبوونەوە، بەڵکو فەزایەکە بۆ هەڵچوونێکی سۆزئامێز، بە دووبارەکردنەوەی ئەو دوو نیوە دێرە لە کۆتایی سروودەکە، ئەو هەڵچوونە سۆزئامێزە چڕتر بەرجەستە دەبێت، بەشێکی زۆری توندی ئەو هەڵچوونە سۆزئامێزە پەیوەندییەکی پتەوی بە پێکهاتە فۆنۆلۆژییەکەوە هەیە، بەڵام وەك گوتمان دواجار لە پێتی (ن) خاوبوونەوەی ئەو هەڵچوونە توندە دەبینرێت، ئەگەرچی خاوبوونەیەکی کت‌و پڕە، بەڵام وەك لە دەربڕینی دەنگییەوە دەبینرێت ، خاوبوونەوەیەکی چاوەڕوان کراویشە.

هەروەها هەردوو نیوە دێری (7–8) کە بە وشەی (کەس) دەسپێدەکاو بە وشەی (ئاڵاکەمان) کۆتایی دێت، لە ریتم خێرایەو وەك فۆنۆلۆژیاش وشەی (کەس) کە بە پیتی نەبزۆکی (ك)ی سەرەتایی دەسپێدەکاو بە نەبزوێنی (س)ی کۆتایی دوایی دێت، وشەیەکە جوانییەکەی لەرووی نمایشکردنی جەستەییەوە لە پیتی (ك)و (س)ەوە دەردەکەوێت. دەشێ بڵێین پیتی (ك) پیتێکە پڕە لە بزاڤی جەستەیی‌و لەنجەی سەرکێشانە، ئەگەرچی (ك)ی سەرەتایی بێدەنگە بەڵام جۆرێك لە بوێری تێدایەو سەر دانانوێنێت، هەمیشە لە رێگەی سەربەرزکردنەوە وەك جولەیەکی

جەستەیی پێشڕەوی دەكات، پیتی (ك)ی سەرەتا وەك چیا سەركەشە، هەروەها پیتی بێدەگی (س) پیتێكە ناسكو خانوومانو لوسە، جۆرێك لە چێژو فریودانی لەخۆدا هەڵگرتووە، ئەگەر دەستی تەوقە درێژ نەكات بەو نیو نیگایەوە بەرەو سیحری خۆی پەلكێشمان دەكات، ئیتر پیتی بزوێنی (ە) لە نێوان وێنەی چیاوو جولەی شەپۆلی دەریا هەر ئەوەندەی پێ دەمێنێت كە وەك خاڵی بەیەكگەیاندنو خاڵی پشكنین خۆی بنوێنێت، یان وەك ئەو چاوە بێت كە ئێرەیی پشتی تا ئەو پەڕی چەماندۆتەوە، بەو مانایە وشەی (كەس) دەشێ جوانترین وشەی نێو ئەو سروودە بێت، بەڵام دوای ئەوەی كە بەر وشەی (نەڵێ) دەكەوێت، ئیتر هەست دەكەیت ئەو (كەس)ە چ وەك ماناو چ وەك جەستە دووچاری راوەدوونان دەبێتەوە، چونكە وەك گوتمان (ن) پیتێكی تا رادەیەكی زۆر پەڕگیرەو كەمتر حەز بە تێكەڵبوون دەكات، بەڵام پیتی (ێ)ی كۆتایی، ئەو كۆتاییە كە لە لایەك هیچ ئەرزشێك بۆ وشەی (كەس) ناهێڵێتەوە، لە لایەكی دیكە پیتێكی هێرش بەرو سادییە هەرگیز بیر لە دواوەی خۆی ناكاتەوەو هەمیشە خەریكی هێرش بردنو راوەدوونانی پێش خۆیەتی، دواجار دەتوانین بڵێین ئەو دوو نیوە دێرە هەموو جەخت كردنەكانی وشەی (زیندووە- ئاڵا...) لە پیتی (ن)ی كۆتایی قەتیس دەكات.

لە لایەكی دیكە وشەی (زیندووە) و (مردووە) دوو وشەی بەرجەستەی ئەو نیوە دێرەن، دەمەوێت بڵێم هەردوو وشەكە وەك ریتم هاوشانی یەكترنو ریتمێكی خێرایان هەیەو دوو وشەی كراوەن، بەڵام لە مانادا بە دژی یەكتر دەكەونەوە، لە لایەكی دیكە دەسپێكی وشەی (مردووە) بە پیتی نەبزوێنی (م) جۆرێك لە پێچاو پێچیو خۆ خواردنەوە دەگەیەنێت بەڵام پیتی بزوێنی (ە)ی كۆتایی ئەو خۆخواردنەوەیە دەشارێتەوە، ئەگەر ئەو پیتە نەبوایە ئەو وشەیە زێتر خۆی دەخواردەوە. كەچی وشەی (زیندووە) بە هۆی پیتی نەبزوێنی (ز)ی سەرەتا جۆرێك لە جوانیو شۆخو شەنگی دەنوێنێت، بەڵام كۆتایی هاتنی ئەو وشەیە بە پیتی بزوێنی (ە) ئەو جوانكارییە تا ئەوپەڕی دەبات. ئەگەرچی وشەی (مردووە)و وشەی (زیندووە) لە زۆر باردا هەم تەواوكەری یەكترنو هەم دژ، بەڵام دواجار دەتوانین بڵێین وشەی (زیندووە) لە رووی رواڵەتو نەخشو جوانكاریو ماناو جولەو كرانەوە پێش وشەی (مردووە) دەكەوێت، بەو مانایەش وشەی (زیندووە) خۆی لە وشەی (مردووە) دەركەوتووتر نیشان دەدات، دەشێ بەشێكی ئەو دەركەوتنە لە رێگەی رواڵەتو پەیوەندییەوە بە وشەی (كورد)ەوە بەند بێت، بەڵام نەك وەك داهێنانو بزاڤێكی گەورەی بەرجەستەو شەپۆلێكی گەورەی دەنگییەوە، بە مانایەكی دیكە نەك وەك زیندوویتیو دەركەوتنێكی دەرەكییەوە، بەڵكو لە رێگەیەكی ناوەكییەوەیە كە ئێمە لەم خوێندنەوەیەدا بە جولەو وێنەو رواڵەتی شەپۆلی دەنگی هەر دوو پیتی بێدەنگی (ك)ی سەرەتاو (د)ی كۆتایی وشەی (كوردی)یەوە بەندی دەكەین، لێرەدا دەردەكەوێت كە زیندوویتی كوردی ئەوەندەی پەیوەندی بە بێدەنگیو چوونە ناوەوەی خۆیەوە هەیە، ئەوەندە پەیوەندی بە

دەرکەوتنی دەرەکی و جولەی داهێنانەوە نییە.

دوو نیوە دێری (9–10) وەك ریتم کەمێك خاو دێنەوە، دەشێ ئەو خاوبوونە جۆرە بیرکردنەوەیەك بێت، رەنگە ئەو بیرکردنەوەیە پەیوەندی بە وشەی (چەند)ەوە هەبێت، یان بە مانایەکی دیکە پەیوەندی بە چەمکی سەرسوڕمان و پرسیارەوە هەبێت، لێرەوە وشەی (چەند) دەمانخاتە بەر لێپرسینەوەو سەرسوڕمانەوە، بەڵام ئەو سەرسوڕمان و لێپرسینەوەیە لە وشەی (نەڕەشێر)دا دەگاتە نزمترین ئاستی مانا و چێژو نزمترین ئاستی جوانکارییەوە.

وشەی (چەند)ی دەسپێکی نیوە دێری (10) بەو هەموو مانا و جوانی و چێژەو بەو هەموو پرس و تێڕامانەیەوە دواجار لە وشەی (نەڕەشێر)دا دەکوژرێت، جوانی ئەو نیوە دێرە بە بڕوای من بە وشەی (چەند)و (لاوانی کورد)ەوە بەندە، وەك چۆن وشەی (هەزار) تەواوکەری وشەی (نەڕەشێر)ەو ئەو یەکتر تەواوکردنەش پەیوەندی بە هەر دوو پیتی (ر)ی (هەزار)و (ر)ی (نەڕەشێر)ەوەیە، پیتی (ر)ی کۆتایی نیوە دێری (9) ریتمی خۆی بە دەسپێکی بەیتی (10) دەبەستێتەوە، کەواتە ئەگەر وشەی (بوون) نەبێت ئەو سروودە بە هیچ شێوەیەك نابێتە خاوەنی ریتمی نیوە دێری (9)، یان بە مانایەکی دیکە ریتمی ئەو نیوە دێرە (با) دەیبات، تەواوی پەیوەندییەکانی بەو سروودە لە دەست دەدات، کەواتە (بوون) ئەو وشەیەیە کە وەك ریتم و مانا ئەو دوو نیوە دێرە بە یەکەوە دەبەستێتەوە، ئەگەر وەك ریتم ئەو بە یەك بەستنەوەیە پەیوەندی بە پیتی (ن)ی کۆتایی وشەی (بوون)ەوە هەبێت، وەك مانا پەیوەندی بە وشەی (نێژران)ەوە دەکات، لە نێوان وشەی (بوون)ی دەسپێکی نیوە دێری (10)و وشەی (نێژران)ی کۆتایی ئەو نیوە دێرە وشەی (قوربانی) کۆی مەبەستەکان لەخۆ دەگرێت، بەمجۆرە لە نێوان (نەڕەشێر)و (قوربانی) دەشێ نێودژییەك بدۆزینەوە، ئەو نێودژییە، نێودژی پیتی (ر)ی کۆتایی (نەڕەشێر)و (ر)ی ناوەڕاستی وشەی (قوربانی)یە، دەمەوێت بڵێم ئەو پیتە نەبزوێنەی کۆتایی لە وشەی (نەڕەشێر) تەواو سەرگەردانە، بەڵام لە وشەی (قوربانی) هەڵگری نەرمی و جوانیەکە، ئەو نەرمی و جوانییە پەیوەندی بە راگرتنی ئەو هاوسەنگییەدایە کە دەکەوێتە نێوان دوو بڕگەی (قو–بانی) هەر لەوێشەوە نێودژی ئەو دوو وشەیەمان بۆ دەردەکەوێت، بەڵام لە رووی ماناوە نێودژی (نەڕەشێر)و (قوربانی) دەکەوێتە نێوان وشەی (چەند)ی دەسپێك و وشەی (نێژران)ی کۆتاییەوە، لێرە پرسیار ئەوەیە:– چەند نەڕەشێر بوونە قوربانی، یان چەند نەڕەشێر نێژران؟ چەند کورد بوونە قوربانی، یان چەند کورد نێژران؟!.

بەڵام لە نیوە دێری (11–12) ماوەی نێوان دەسپێکی نیوە دێری (11) کە وشەی (لاوی کورد)ەو کۆتای ئەو نیوە دێرە کە وشەی (دلێر)ە لەوێ پیتی (ر) ئەو پیتەیە کە لاوی کورد ون دەکات، ئەوەی کە لەو ونبوونەش جێدەمێنێت (خوێن)ە، وشەی (خوێن) وشەیەکە لەو سروودەدا لە بری مەرەکەب و بۆیە نەخشی پێ دەسپێردرێت، بە لایەکی دیکەش رەنگدانەوەی ریتمی ئەو نیوە

**دێره دەکەوێتە سەر وشەی (خوێن)، خوێن نەك هەر وەك بۆیە نەخشی پێ دەکرێت، بەڵکو ئیقاعی ناوەوەی ئەو دوو نیوە دێرەشی تێدا رەنگدەداتەوە، لێرەدا خوێن چ تاجی ژیان بنەخشێنێت، چ هەڵچوونی ریتمی ترس پڕ بکاتەوە تەنها یەك شتمان پێدەڵێت ئەویش قوربانییە.**

**کەواتە لەم سروودەدا لاوی کورد ئەو قوربانیەیە کە بە نەڕەشێر دەچوێنرێت، ئەو بەیەکچواندنەش کە دواجار لە خوێندا خەڵتانە، یەکێکە لە مەدلولە سادییەکانی ئەو سرووده، بەو مانایە لە پشت ئەو مەدلولە سادییە (من)ێکی سادی وەستاوەو هەر ئەو منە سادییە پەڕگیرەیە کە لە پشت چەمکی نیشتمان‌و چەمکی بەیادهێنانەوە، بیر لە بێ نرخکردنی ئەویدیکە و بێ نرخکردنی بە یەکەوەژیان دەکاتەوە.**